

# ئەنفال و دادگا
# لە راگەیاندنی کوردی

**نەجات روستی**
**najatrosty@yahoo.com**

لەوەتەی دادگای دکتاتۆری پیشۆی عیراق سەبارەت بە ئەنفالەکان دەستی پێکردوو لێرەو لەوێ چەندین بەرنامەی تایبەت بە تاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید لەلایەن کەناڵەکانی راگەیاندن لە ئەرشیف دەر هێنران بەبینراو و بیستراو، هەریەکەیان بەجۆرێك بەرنامە کۆنەکانیان ئاراستە ئەکرد. بەڵام تەواوی ئەو بەرنامانە هیچ کارێگەرێکی ئەوتووی لەسەر خەڵك و تەنانەت بنەماڵەکانی پاشماوەی ئەنفال بەجێ نەهێشت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە بەرنامەکان تەنها بۆ پرکردنەوەی ماوەی بەرنامەکان و لاپەرەکانی رۆژنامە و بلاوکراوەکان بووە. هیچ گرنگی ئەوتووی نەبوە لای بینەرو بیسەر ,کەناڵەکانی **TVییە ئاسمانی و نیوخۆیی وەك ساڵانی پێشوو جارێکی ترلە بەرنامە کۆنەکان هەڵچوونەوە و ئەوکاروچالاکیانەیان نیشان دایەوە کە چەند ساڵێك لەمەو بەر ئەنجام درابوون. لەهەندێ, رادیۆش کە بەرنامەکانیان وەك ئەڵقە لێهاتووە ماوەی چەند رۆژێك بوو پرسیارێکیان لەخەڵك دەکرد، چی بکری بۆ کەس و پاشماوەکانی ئەنفال, دیارە ئەم پرسیارە تەنها لەرێگەی هەناسەیەکی مایکرۆفۆنەکەوە نەبێ هیچی تر بڕ ناکات قسەکانیان بە هیچ وەرناگرێ و کەس بەیەك پولی قەلەپ نایکڕێ.**

**لەجیاتی پرسیارەکە ئاراستەی لایەنە بەرپرسیارەکان بکرێ، لێیان بپرسێ لەماوەی 16ساڵی رابردووی حوکمی خۆماڵی چی بۆ کەسوکاری ئەنفالەکان کراوە، بەپێچەوانەوە پرسیار، کە لەکەسێکی سەرجادە دەکەن.**

**ئایا چی بۆ کەس و کاری ئەنفالەکان بکرێ؟**

**دیارە ئەم پرسیارە هەریەکەیان بە جۆرێك وەڵام ئەداتەوە هەموو بیروبۆچوونەکان هەریەکەیان لەدیدی خۆیانەوە جوانەو شایانی ئەوەیە جێ بەجێ بکرێ.**

**ئەم پرسیارەی کە باسی لێوە دەکەم لەچەند رۆژی رابردوو پرسیاری چەند رادیۆیەکی ناوخۆی و ئاسمانی بوون. وەڵامی کەسێك زۆر سەرنجی راکێشام کەلێیان پرسی چی بکرێ بۆ کەس و کاری ئەنفالەکان وتی بۆ لەمن**

دەپرسن من سەرۆکی حکومەت نیم. برۆن لەخودی حکومەت و بەرپرسان بپرسن، برۆن لەژنە پاشماوەکانی ئوردوگای شۆرش و رزگاری بپرسن. وەڵامەکەی تەواو نەکرد قسەکەیان پێ بڕی و مۆسیقایەکی شەهیدانیان خستە سەری...................؟

راگەیاندنی کوردی بە هەموو کەناڵەکانیانەوە وەك پێویست نەیان توانی وا لەخەڵك بکەن کە جارێکی تر وەك چەند ساڵێك لەمەوبەر خەڵکی بڕژێنە سەر شەقامەکان و هاوخەمی خۆیان لەگەڵ کەس و کاری ئەنفالەکان دەربڕن. کوڕێکی گەنج کە ئەو کاتەی باوکی ئەنفالکراوە چەند مانگێك بووە. سەبارەت بە دادگای سەدام وەهای وت: ئەو کاتەی سەدامیان لەقەفەس نیشاندا وامزانی باوکم لەجێگای حاکمە دانیشتووە، تۆڵەی خۆی لێ دەکاتەوە حەزم دەکرد هەموو خەڵکی هاتبانایە سەر شەقامەکان و وێنەی باوکم و چەندین باوکی تریان بەرزبکردباییەوە. یادی هەموو ئەو بێ سەرو شوێنانەیان بکردباییەوە کە هەزاران کەس چاوەڕی هاتنەوەییانن. تائیستاش باوەڕ ناکەم باوکم مردبێ چونکە هەموو شەوی دێتەوەوە بۆ ماڵ بەسەرمان دەکاتەوە تا لە خەوابین لە گەلمانە. دە بواییە پێش دادگای کردنەوەکەی دکتاتۆر, کەناڵەکانی راگەیاندن جەختیان لەسەر ئەوە کردبایەوە کە ئەو کۆنەجاش و موستەشارانەی بەشداری پرۆسەی ئەنفالیان کردووە هاوکات لەگەڵ دادگای سەدام ئەوانیش لەکوردستان دادگای بکرابان.